بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار:٢٤

مێژووی بڕیار:٧/١٠/١٩٩٢ز

١٥/رەزبەر/٢٦٩٢ک

## «بڕیار»

بەپێی برگەی/١لە ماددەی(٥٦)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق،ئەنجوومەن ئەم بڕیارەی دا:

١- بە بنەرەتی قەدەغەیە مووچە خۆرانی دایەرە دارایی یەکان ودەزگا بازرگانییەکان و مووچە خۆرە کارگەرەکان لە بواری دارایی و ژمێریاری لە دایەرەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا،ئاڵ وگۆڕی بازرگانی بە پارەی نیشتمانی وبیانییەوە راستەوخۆ یا بە واسیتە بکەن.

٢-ئەو مووچە خۆرەی سەرپێچی حوکمی برگەی/١ی ئەم بڕیارە دەکا،بەلایەنی کەمەوە بەساڵێک حەبس کردن سزا دەدرێ.

٣-هەر کەسێک کارمەند بێ یا هاوبەش یا هاندەر لەدەستاو دەست پێکردنی پارەیەکی نیشتمانی دا بەکەمتر لەبەهای قانوونیی خۆی، بەلایەنی کەمەوە بەشەش مانگ حەبس کردن سزا دەدرێ.

٤-ئەو پارە ئاڵ وگۆڕپێکراوەی لە حاڵەتی دەم ودەستدا(حاله التلبس) دەستی بەسەردا دەگیرێ، وەک دەسکەوتێکی رەتکردنەوە بۆ خەزێنە تۆمار دەکرێ.

٥-کار بە هیچ دەقێک ناکرێ ئەگەر لەگەڵ حوکمی ئەم بڕیارەدا دژ بێ.

٦-ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاو کردنەوەیەوە کاری پێدەکرێ.

٧-لە سەر وەزیرە پەیوەندسدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

٨-ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**